## نەجەدین غولامی:

# ئەم ساڵ چەند كۆنسێرتێكم بۆئاوارەكانی بناری قەندیل كرد



**هونەرمەنـد نەجمەدیـن غولامـی خەڵكی رۆژهەڵاتی كوردسـتانە ماوەی چەند ساڵێكە لـەدەرەوەی وڵات دەژی ئێسـتا لەووڵاتـی سـویدلەگەڵ خێزانەكەی ژیان بەسەردەبات .نەجەمەدیـن غولامـی لەدیمانەیەك لەگـەڵ گوڵان بـاس لەیادەوەریەكانی سەردەمی پێشمەرگایەتی خۆی دەكات .**

### تەمەنم 14ساڵ بوویەكەم گۆرانیم تۆماركرد

نەجەمەدیـن لەبارەی یەكەم بەرهەمـی دەڵێ، لەتەمەنی 14سـاڵی بوو یەكـەم بەرهەمی خـۆم تۆماركرد .كە ئاوازی خۆم بوو بەناوی «نەخۆشـم مەستم دووچاوی كاڵـم «تێسـكتەكەی هـی وەفایـی بوو.هەروەها ئاماژەبەوەشدەداكە نزیكەی 10_15بەرهەمی هەیە لەسەركاسێت .دەڵێ، ئەوكاتە سیدی نەبوو هەروەها8 سیدیشـم هەیە زۆربـەی ئاوازەكانیان هی خۆمە. هەروەها سـروودی نیشتمانیش لەبەرهەكانم داهەیە .ئێستاش كۆمەڵێك گۆرانی نیشتمانیم ئامادەكردوە بەنیازم تۆماریان بۆبكەم و كلیپیان بۆبكەم

### هەمووئاواتم ئەوەیە بەیەكجاری بگەرێمەوەكوردستان

نەجمەدیـن زۆرحـەزدەكات بەیەكجـاری بگەرێتەوە كوردستان وەك خۆی باسی لێدەكات دەڵی،چەند جارێك داوام لەبەرپرسانی حكومەت كردوەبۆئەوەی بگەڕێتەوەكوردستان بەڵام بەهانەیەوەنەهاتوونە .

### چەندكۆنسێرتێكم لەكوردستان ئەنجامدا

نەجەمەدین دەڵی ئەمسـاڵ چەند كۆنسێرتێكم لەكوردسـتان ئەنجامدا،لەهەریەك شارەكانی هەولێرو كفری ڕانیە و كەركوك بۆئاوارەكانی بناری قەندیل .

### كۆنسێرت كردن زۆرگرینگە بۆنەوەی ئێستا

نەجەمەدین لەبارەی كۆنسێرت تاچەند گرینگە بۆهونەرمەند گوتی،پێویستە ئەو هونەرمەندانەی كەتوانایان هەیەلەبواری خۆیان دانەبرێـن هەروەها خەڵكەكەش فێری فەرهەنگێكی تر نەبن



ئـەو هونەرمەندانـــەی کەجێـــگای پەنجەی خۆیان دیارە هونەری کوردیان تا ئەمڕۆهێناوە پێمخۆشـــە لایەنە پەیوەندیندارەکان بەســـەریان بکەنەوە بۆئەوەی گەنجی ئێستا بزانێت هونەری کوری چۆنە چونکە ئەمرۆ هەندێ هونەرمەند پەیدابوونەکەهونەری کوردیان چەواشـــە کردوە گۆرانی عەرەبی تورکـــی وەردەگێرن دەیکەن بەکوردی دەڵێن لەبەرئەوەی نەوەی نوێ بزانێت هونەری رەسەنی کوردی چۆنە.

هونەری کوردی توشی قەیران بوو

نەجمەدین پێیوایە ئێستا زۆرێك لەهونەرمەندان هونەری کوردی توشی قەیران دەکەن .بەهۆی ئەوەی ستایلی بیانی تێکەڵ بەهونەری کوردی دەکەن گەردەیانەوێ ســـودلەهونەری بیانی وەربگرن با بەشێوەیەکی زانستیانە وەربگرن.

زۆرخۆشحاڵم ئافرەت دێتەنێوبواری گۆرانی ووتن

نەجمەدین زۆرخۆشحاڵەبەوەی کەم ئازادیە هەیە لەکوردســـتان ئافرەت دێتەنێو بواری هونەری گۆرانی ووتن .بـــەلام دەڵێ، لەگەڵ ئەوەدانیم کەئەوهونەرمەندانانەی لاسای هونەرمەندانەی عـــەرەب و تورکی. چونکە ئێـــستا زۆربەی گۆرانیبێژەکان کاتێك گوێت لەگۆرانیەکانیان دەبێت نازانی ئەمەگۆرانی کوردیە تاکوگوێت لەتێکستەکەنەبێت .

کۆلێژوپەیمانگاکان لەسەبنەمای هونەری نین

نەجمەدین،لەبـــارەی کۆلێـــژو پەیمانـــگا هونەرەجوانـــەکان دەڵێت،ئـــەم کۆلێـــژو پەیمانگایانەلەســـەربنەمای هونەری کوردی نینە . بەڵگەشـــم هەیە بۆئەمە ئەگەرسەیری ئەرشـــیفی ئـــەم پەیمانگایانەبکـــەی بزانە چەندســـەرچاوەی هونەری تیدایـــە تاکوئەم قوتابیانەگوێ بگرن بۆنموونە بزانن میوزیکی بابـــان چیە ناوچەی شـــکاك و بادینان چیە من لێرە پرســـیار لەقوتابیانەدەکەم کە لەکولێژو پەیمانگایانەدەخوێنـــن ئایادەزانێـــن میوزیکی بابان چیە من بەدڵنیاوە ئەزانم نایناسێت ئێستا حکومەت ئەزیەتی ئەوەدەکێشێت کە ڕێکخراوو کۆلێژی دادەمەزرێنێت تەنیا بۆئەوەدانەمەزرێنێت بڵێن کۆلێژمان هەیە ئەبێت خزمەتی بنەمای هونەری کوردی بـــکات .بۆنموونەئێمە تاکوئێســـتا ناوێکی تـــەواو مان نیە بـــۆلاوك و حەیـــران لەرۆژهەلاتە دەڵێین «ماهور»لەرۆژئاوادەڵێین «عەجـــەم «لەبـــواری ڕاســـتەقینەی هونـــەری کوردی ناکان ئێمەلەبواری لاوك وحەیـــران و ئاوازەوە زۆردەوڵەمەندیـــن بـــەڵام بەداخەوە لەبـــواری لێکۆڵینەوەی ســـەرچاوەکانی زۆرهەژارین .

خۆشترین یادگاریم لەکاتی پێشمەرگەبووم


نەجمەدین دەڵێ،خۆشـــترین یادگاریم ئەوکاتەبوو کەپێشـــمەرگەبووین لەشاخدا، لەگوندێك بووین شـــوێنی تایبەت مانەبووشوێنی مانگاو حەیوانـــان پاکـــردەو وویســـتمان گۆرانی تۆماربکەیـــن ئەوکات من خەریکـــی تۆمارکردن بووم لەناوکا مانگایەك ســـەریی کردە پەنجەرکـــەوە کردیە بۆڕەبۆڕ تەنزیلەکەی لێتێکداین دوای دەرمان کرد دیسان هاتەوە دەستی کردەوە بەبۆڕەبۆر.

لەکۆندا پیاوبەیەکدیداری خۆشەویستەکەی دڵی خۆش دەبوو

نەجمەدین پێیوایە هونەرمەند گەرئاشق نەبێت ناتوانێت کاربکات چونکە گەرخۆشەویستی نەبێت ژیان دەمرێت .هونەرمەنـــد نەجەدین غولامی وەك باســـی دەکات دەڵێ،خۆشەویستی ئێستا وەك خۆشەویستی کۆن نیە لەکۆن دا پیاو بەیەك دیداری خۆشەویســـتەکەی دڵی خۆش دەبوو،بەلام ئێستا بەداخەوە لەبەر تەکەنەلۆژیای تازەوەخۆشەویستی بۆتەڕابواردن.

لەشاخی شداگۆرانیمان تۆماردەکرد

نەجەدیـــن دەڵێ،ئێمـــە کەیەکـــەم جارڕوومان لەشاخدا کرد وویستمان کاری هونـــەری بکەیـــن من هونەرمەند ناسر ڕەزازی و کۆمەڵێك هونەرمەند بووین کۆرێك مان دانە بەناوی فۆرمـــی میوزیکـــی بانگـــەواز ئەوکاتیش بە ر هە مە کا نمـــا ن زۆر بەباشـــی لەنێوقوتابیەکانـــی کۆلێـــژ بـــلاو دەبووەوە



# سابیرعەبدولڕەحمان:

# نازانم بۆچی کەناڵەکان مەنەلۆجەکانم دانابەزێنن

**سـابیر عەبدولڕەحمان لەگوندی هاوەڵانی سەربەدەشتی هەولێر لەسـاڵی 1947لەدایك بووە. تاکوئێستا خاوەنی چەندین دراماو مەنەلۆج و شانۆیە. لەدیمانەیەك لەگەڵ گۆڤاری گوڵان هۆکاری دوورکەوتنەوەی لەمەنەلۆج ئاشکرا دەکات.**



ئا:رۆشنە عومەر

### یەکەم مەنەلۆجم بۆمنداڵان بوو

سـابیر یەکەم کاری مەنەلۆجـی بۆ منداڵان بوو بەناوی "حاجی لەق لەق مار هات" دەڵێ سەرکەوتنێکی زۆر باشم بەدەست هێنا.

### سێ کەس تێکستی مەنەلۆجەکانم دەنووسن

سـابیر لەبارەی کێ تێکستی مەنەلۆجەکانی دەنووسـێت وتی "مامۆستا شـێخ عەبدوڵڵا کەریمی بەرزنجـی و عەزیزی مەلای رەش" کـە زۆر یارمەتیان دەدام و بۆیان دەنووسـیم، منیش خۆم تەواوم دەکـردو دەموتن. زۆربەی مەنەلۆجەکانیش باس لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکات.

### نازانم بۆچی مەنەلۆجەکانم لەشاشەکان دانابەزن

سـابیر لەبارەی دانەبەزاندنی مەنەلۆجەکانی لەکەناڵـە راگەیاندنـەکان وتـی، نازانـم هۆکارەکەی چییە دەتوانن ئەم پرسیارە لە دەزگا راگەیاندنەکان بکەن. هەموو کەناڵەکانیش مەنەلۆجەکانـی منیـان هەیە. مەنەلۆجەکانیشم بۆئێستا هەموویـان بەکەڵك دێـن، چونکە تاکو ئێستا کێشەکان لەنێو کۆمەڵگە هـەر ماون، بۆنموونە "بوك و خەسو، کاکی شوفێر".

### خەڵك زۆر داوام لێدەکات کاری تازەبکەم

سـابیر لەبـارەی هـۆکاری دوورکەوتنەوەی لەمەنەلۆج وتن دەڵێت، خەڵك زۆر داوام لێدەکات کەکاری تازە بکەم، مرۆڤ کاتێك کارێك دەکا بەدڵێکی خۆشـەوە دەیکات، بەڵام گەر کاریش بکەم، دەزانم بۆم بڵاو ناکەنەوە، چونکە کاری هونەری ئێستا هەمووی بۆتە خۆمانە خۆمانە. بۆیە لەدڵم خۆش نییە کاری تازە بکەم.

### دوانزە کلیپم کرد بەدڵم نەبوو

سـابیر بەر شەش ساڵ دوانزە کلیپی کردووە بۆ مەنەلۆجەکانی، بەڵام دەڵێ بەدڵم نەبوو پارەی یەك کلیپی ئـەم هونەرمەندانەیان دا بەمن کە دەڵێن خزمەتی هونەری کوردی دەکەین، بەڵام نازانن هونەری کوردی لەناو دەبەن.

### رۆڵی زاوام بینی لەیەکەم شانۆ

سـابیر یەکەمجار کەچۆتە سەرتەختی شانۆ، بەشداری لەشانۆی بووك و زاوا کردووە و رۆڵی زاوای بینیوە و دەشڵێت، یەکێکی تریش کوڕبوو رۆڵی بووکی دەبینی.

### توانیم دوو بۆشایی گەورە لەهونەری کوردی پڕبکەمەوە

سـابیر دەڵێ، توانیم دوو بۆشایی زۆر گەورە لەهونـەری کـوردی پڕبکەمـەوە، یەکیان مەنەلـۆج، ئەوەی تریـان دامەزراندنی تیپی میللی. سـەرەتا بەکاری شانۆ دەستم پێکردو دوایی مەنەلۆج، دەشڵێت دواتر بەرە بەرە توانیم تیپێکـی میللی دابمەزرێنـم بەناوی "تیپی هونەری میللـی" ئەم تیپە توانی خزمەتێکی بـاش بەهونـەری کـوردی بگەیەنێت. تاکو ئێسـتاش ماوە، بەڵام وەك جـاران باش نییە. ئەوکات تەمەنی تیپەکە سـاڵ و نیوێك بوو، توانیمان سەردانی روسیا بکەین.

### پەشیمان نیم کەبەشداریم لەدرامای فرمێسك کرد

سابیر پەشیمان نییە لەبەشداری کردنی درامای فرمێسـك، چونکە پێیوایە رۆڵەکەی، رۆڵێکی باش بوو، هەروەها دەشڵێ سەرنەکەوتنی درامای فرمێسـك لەبەر رێکنەکەوتنی هونەرمەندەکان لەنێوان خۆیان و هەروەها کێشەیەکی شەخسی بوو لەنێوانیـان. کەچی دراماکە هونەرمەندی زۆر باشـی تێدابـوو، بەڵام ئەگـەر لەگەڵ نیمچە نەزانان کاربکەی، کارەکە هەر رەخنەی لێدەگیرێت.

### بەرنامەی سیمرخی مام عەولا گوێگرێکی زۆری هەبوو

سابیر لەبارەی بەرنامەی سیمرخی مام عەولا دەڵێ، ئەوکات داوایان لێکردم کەبەرنامەیەکی رەخنەئامێز پێشکەش بکەم. ئەوەبوو بەرنامەکە زۆرسەرکەتووانەبوو، گوێگرێکی زۆری هەبوو. کاتێـك رەخنەیەکم لەکەسـێك دەگرت، بەبێ بەڵگە قسـەم نەدەکرد. ئێستاش زۆر بەرنامە هەن وەکو بەرنامەکەی من بۆنموونە "سمایل و عەیشێ" ئەویش توانیویەتی تاڕاددەیەکی باش سـەرکەتوو بێت، بەڵام زۆر جار سمە لەجیاتی کەسێك بڕیار دەدات، کە ئەمەش نابێت.

### مەولەوانێکی زۆرباشم

سابیر مەلەوانێکی زۆر باشە و دەڵێت بەتایبەت لەژێـر ئـاو دەتوانم هەناسـەی خـۆم قوت بدەمەوە.

### وەڵامی بەرنامەکانیان نەدامەوە

سـابیر وەك باسـی دەکات و دەڵێـت، کاتێك گەڕامەوە کوردسـتان چەنـد بەرنامەیەکم دا بەکەناڵە ئاسمانییەکان، بەڵام وەڵامیان نەدامەوە. بۆنموونـە دەمەویسـت بەرنامەیەکی منداڵان پێشـکەش بکەم بەهـۆی بەرنامەکەوە منداڵ متمانە بەخۆی بکات، چونکە داهاتووی ئێمە لەدەست منداڵە.

### بەرنامەی خەرمانی نیگا وەکو مەنەلۆج وایە

لەتەلەڤزیۆنی نیـگا هەفتانە بەرنامەیەکی هەیـە بەنـاوی خەرمانی نیـگا، دەڵێ ئەم بەرنامەیە من و چەند هاوڕێیەکم کە هەفتانە لەگوندەکان وێنەدەگریـن، لەچەند بڕگەیەك پێکهاتووە، حەیـران و کورتە دراماو مەتەڵ و هەروەها باس لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین، دەتوانم بڵێم بەرنامەکە وەك و مەنەلۆج وایە.

# بەشی حەوتەمی ”هاری پۆتەر“ ژمارەی پیوانەیی ئەمساڵی شکاند

کۆمپانیای ”وارنەر برۆس“ بەشی حەوتەمی زنجیرە فیلمە بەناوبانگەکەی ”هاری پۆتەر“ی بڵاو کردەوەو هەر لەسەرەتاوە سەرنجی بینەرانی بۆخۆی راکێشا، بە بەکەمتر لە دوو هەفتە لە بڵاوبوونەوەی لەسینەماکانی جیهان توانی 650 ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە.

دەرهێنەری فیلمەکە ”دێڤد یاتس“ دەڵێ: لەم بەشەی فیلمەکە کە بەناوی ”پیرۆزییەکانی مردم“ـە چەندین خەیاڵی تێکهەڵکێشکراوی تێدایە و بەگشتی دیمەنەکانی ترس سامێکی زۆری لەخۆ گرتووە، ساحیرە بەناوبانگەکەی فیلمەکە ”هاری“ لەم بەشەدا دوژمنە دێرینەکەی خۆی و خێزانەکەی ”فۆڵدمۆرت“ بۆ یەکەمجار دەبینێ، بۆیە لەگەڵ هاوڕێکانی لە قوتابخانە سیحرەکەیان دەردەچن بەرەو دەریا تاوەکو بگەنە جیهانە تاریکستانەکەی ”فۆڵدمۆرت“ تاوەکو لەوێ بەرەنگاری ببنەوە و پلانەکانی هەڵبووەشێننەوە.




فۆڵدمۆرت خۆی پێشتر لە قوتابخانەی ”هوگۆرتس“ مامۆستا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سیحرەکانی بۆ کاری خراپ بەکاردەهێنا، لەوێ دەرکرا. هەر بۆیە چەندین ساڵە پلان دادەڕێژێت بۆ تێکدانی قوتابخانەکە و تەواوی وەزارەتی سیحر.

جێگەی باسە پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم فیلمە، هەمان گرووپی بەشەکانی تری فیلمەکەن.







## كرۆ حەزی لە ناوبانگ نییە

راسـل كرۆ یەكێكە لە ئەكتـەرە ناودارەكانی هۆلیۆد و تا ئێســتا رۆڵی پاڵەوانی بینیوە لە چەندین فیلمدا و ناوبانگێكی زۆریشی پەیدا كردووە، بەڵام سەرەڕای ئەو ناوبانگە زۆرەی كەچـی بەپێچەوانەی زۆربــەی ئەكتەرەكان زۆر حەز لە ناوبانــگ و دەركەوتن ناكات و دەڵێ: زۆر جار هەست دەكەم ژیانی ناوداران هەندێك شــتی شاراوەی تێدایە، بۆیە زۆرجار لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەكاندا هەواڵ و وێنەیەكــی گەورەی ئەم ئەكتەرانە دەبینین و هەندێك جاریش هەواڵەكان نادروستن، بۆیە زۆر حەز ناكەم دەركەوم.



## شاجوانی میسر:
## ئاو و سەوزە
## هۆكارەكانی جوانی منن

دونیــا حامد شــاجوانی میســرە بۆ ســاڵی 2010 بــەر لە دوو ســاڵ بەشــداری لــە بەرنامەیەكــی كەناڵی LBC لوبنانیدا كرد و لەوێشەوە رێكخەری پێشــبڕكێكانی شــاجوانی بینی و بڕیاریدا بەشداری بكات و توانی نازناوی شاجوانی میسر بۆ ساڵی 2010 بە دەست بهێنێت،

دەربارەی ئەمــە دونیا دەڵێ: بەر لەوەی بەشداری بكەم شتی زۆرم دەربارەی ئەم پێشــبڕكێیە و چۆنیەتی بەشداریكردن تێیدا خوێندەوە و خۆم بۆی ئامادە كرد و توانیم سەركەوتوو بم.

دەربــارەی هۆكارەكــانی جوانــی دەڵێ: وەرزش و رێكخســتنی بەردەوام خــواردن، هەروەهــا خواردنــەوەی ئاو و سەوزە بەشــێوەیەكی رێكوپێك و بەردەوام هۆكارێكن بۆ جوان راگرتنی سیمای ئافرەت بە جوانی.


## (كف مریم) لە ترسی توڕەبوونی قیبتییەكان راگیرا



سەعید خەتیب ســەرۆكی چاودێری هونەری لە میسر رایگەیاند كە ئەستەمە دەزگاكەیان رەزامەندی بدات لەســەر فیلمی (كــف مریم) كە لە دەرهێنانی ئینــاس دغێدییە و باس لــە توندڕۆیی مەســیحی دەكات بەتایبەتی دوای پێكدادانەكانی ئەم دواییەی نێوان قیبتییەكان و پۆلیسی میسر.

لەلایــەن خۆیەوە ئینــاس دغێدی دەرهێنەری فیلمەكە وتی: من هەمیشــە ڕووبەڕووی دەزگای چاودێری دەبمەوە، فیلمی (كف مریم) باس لە توندڕۆیی دەكات، چونكە ئەگەر توندڕۆیی لە ئایینێكدا هەبوو، ئەوا بێگومان لە ئایینی بەرامبەریشیدا دەبێت، من خۆم قەناعەتم بە دواخستنی هەیە، نەك لەبەر ئەوەی نامەوێ تووشــی گیروگرفت ببمەوە، چونكە من هەمیشــە بە دەرهێنەرێكی یاخی ناسراوم و بەردەوامیش گرفتم هەبوو، بەڵام وەك پڕۆژە (كف مریم) هەر دەمێنێت و بیرم لەوەش كردۆتەوە بیكەم بە زنجیرەیەكی تەلفزیۆنی.

## كارداشیان لە پێش ئۆباماوەیە



كچــە نمایشــكاری جلوبەرگی ئەمریكــی كیــم كارداشــیان لەسەرووی لیســتی ئەو كەسانەوە هات كە دینەمۆی بەدواداگەڕانی (بینگ ) لــە ئینتەرنێــت بەكار دەهێنــن، هەرچەنــدە كۆمپانیای مالیكرۆســۆفت روونــی نەكردەوە كەوا چەنــد جار بەكاری دەهێنێت، بەڵام ئەوەی روونكردەوە بە رێژەی 20% زیاتــر لە ســاندرا پۆلۆك بەكاری دەهێنێت كە بە پلەی دووەم دێت و لە پلەی سێیەمیش ئەستێرەی گۆڵــف تایگەر وۆدز دێت و باراك ئۆبامای ســەرۆكی ئەمریكاش بە پلەی پێنجەم هــات، ئەوەی جێی سەرنجە ساڵی 2009 خەڵك زیاتر (بینگ )یان بەكارهێناوە و زیاتریش بەدوای بڕینی قژ و كۆمپانیاكانی فرۆشــتنی كەلوپەل بە قســت و هەواڵــی ئەســتێرە بەناوبانگەكان گەڕاون.




www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

# ژیان ئیبراهیم خەیات:

# عارەبانچیەک پێی گوتم دە حەزێکیش لە ئێمە بکە

ژیان کچی هونەرمەند ئیبرایم خەیاتە لەسلێمانی لەدایك بووە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، لەبواری شانۆدا چەندین ساڵە سەرقاڵی کاری نواندنە و بەشداری چەندین شانۆگەری و دراماو کورتە فیلمەکانی کردووە، وەك گەڵاکانی هەڵوەرینی ژیان، چەندین کاری فیلمی کردووە وەك خولە پیزە، ژانی گەل و دوا کاریشی فیلمێك بوو لەگەڵ دەرهێنەر شەوکەت ئەمین بەناوی شوێنێك بۆ یاری لە فیستیڤاڵە جیهانیەکاندا نمایشکراوە، وەك هونەرمەندێك کە چەند ساڵێکە لەم بوارەدا کار دەکات چەندین خەڵاتی رێزلێنانی پێبەخشراوە، ئێستا مامۆستایە لەباخچەی ساوایانی سەرچنار خزمەت بەنەوەی داهاتوو دەکات.

ئا/ ژینۆ عەلی

**لە منداڵیەوەکاری نواندنم کردووە**

سەرەتا ژیان خان دەڵێ: لە بنەماڵەیەکی هونەریم و باوکم کەسێکی هونەری دیاربوو، لەبیرمە لە منداڵیەوە لەگەڵ خوشك و براکانم کاری نواندنم لەماڵەکەی خۆماندا دەکرد، دیارە خۆشەویستیم بۆ کارەکەم و حەزوو ئارەزووەکانم وای لەمن کرد، بەردەوام بم و هەریەك لە خوشك و براکانم بوارێکی تری هونەریان هەڵبژاردووە، هیچ جیاوازییەکیش لە بواری هونەردا نابینمەوە هەموویان تەواوکەری یەکترن، شانۆ یان موزیك یاخود گۆرانی وتن، خۆشەویستیمان بۆ کارەکە توانیومانە هەریەکەمان بە شێوەیەکی باش دەربکەوین لە بواری هونەریدا.

**نابێت لە رۆڵ بینینم ژیان بم**

کاری رۆڵ هەڵبژاردن لە هەر درامایەکدا کارێکی زۆر قورسە، تابتوانیت بەقەناعەت بێیت بۆ ئەو دەورە، ئەو رۆڵەی کە دەیبینیت دەبێت کەسایەتیەکی باشی هەبێت و لەلای خەڵك بە جوانی بکەوێتەوە و کاریگەرییەکی باشی هەبێت لە ناو خەڵکدا، لە رۆڵ بینینەکانمدا ئەوەی لە ناخمدا هەبووە توانیومە وەك خۆی بیگەیەنم، هەستم بە ئازاری ئەم گەلە کردووە، رەنگدانەوەی لەسەر ئافرەت هەبووە، دیسانەوە من بیکەم بە دراما بەشداری خەمەکانیان بم، بیگەیەنم بە بینەر. هەندێك جار نەبوونی پێداویستی ئەو توانایەی کە هەمانە وەك خۆی نایگەیەنێت، هەرچەندە توانیومە وەك دایکێکی



پێشمەرگە کە لە سەردەمێکی پێشتر ئەو ئازارەی هەبووە بە دوای کوڕەکەیدا گەڕاوە توانیومە هەموو ئەمانە لەم ساتەدا بگەیەنم. بۆ رۆڵگێڕان لەسەر کەسایەتی ژیان نامێنم، دەبم بەو کەسایەتیە کە پێم دەدرێت، بۆ نموونە بووم بە شەوبۆ کە کچێکی کەڕولاڵ بوو. کەچەندین ئەشق و خۆشەویستی بۆ رەگەزی بەرامبەری هەبوو.

**خۆشەویستی تەنیا بە زمان دەرنابڕدرێت!**

رۆڵی شەوبۆ لەناو جەماوەردا زۆر بە جوانی باسی لێوە دەکرا، لە بەرامبەر ئەوەشدا خەڵك خۆشەویستیەکی بۆ ئەو کۆمەڵە کەسە هەیە کەتوانای قسەکردنیان نییە، هەوڵمدا زۆر جوان ئەو دەورە ببینم، بۆئەوەی خەڵك زیاتر گرنگی بەو دەورە بدات و بیەوی وەك خۆی دەورەکە ببینێ کە کچێکی ئاشقەو زمانی دەربڕینی نییە نەڵێت ئەکەومە بەر توانج لێدان. تەنیا توانجێك لێم درابێت عارەبانچییەك بوو وتی دە حەزێکیش لە ئێمە بکە، هۆکاری ئەو توانجەش کاریگەری دەورەکەیە لەسەر بینەر، خۆشەویستیەتی بۆ ئەو دەورە و بە زیندوو مانەوەی ئەو دەورەیە لەلای بینەر.

**سۆران برامە بەڵام هەموو کارەکانی من ناناسێت**

بەحەقی خۆمانی دەزانین ئەگەر لەبەرنامەی میوانی تۆین بەشداربین، بەڵام پێشکەشکاری ئەو بەرنامەیە بەرنامەمان بۆ ناکات، چەندین جار لەسەری قسەمان کردووە و زۆریش بە هەندی وەرینا گرین، ئەگەر هەر هونەرمەندێك بەشداربێت ئەوانیش هاوپیشەی ئێمەن و وەك ئێمە کاردەکەن. پێمان خۆشە ئەوان بەشداربن هەرچەندە پێشکەشکاری ئەو بەرنامەیە دەڵێت من خۆم وەڵامی هەموو پرسیارەکانم لایە، راستە ئێمە خوشك و براین، بەڵام کاری هونەریمان زۆر وردەکاری تێدایە. کە رەنگە ئەویش و خەڵکیش نەزانێت هەرچەندە بەرنامەیەکی زۆر جوانە و جیاوازترە لەبەرنامەکانی تر، کاتێکی خۆشی تێدایە بۆ بینەر و هونەرمەندیش.

**پارکەکانی ئەم شارە یادگارییەکانی باوکمە بۆ من**

بەشێك لە یادگارییەکانی باوکم خۆشەویستی بوو بۆمان، یادگاریم لەگەڵ باوکمدا زۆرە بە تایبەت لە منداڵیدا، چونکە باوکم یەکێك بوو. لەو کەسانەی کە منداڵی زۆر خۆشەویست، هەرچەندە سەرقاڵی هونەر و سیاسەت بوو. بەڵام لەهەمووی گرنگتر و جوانترین یادگاری کە پێی بەخشیووم خۆشەویستی هونەر بوو کە دەتوانم بڵێم لەلایەن باوکمەوە ئەو خۆشەویستیەمان وەرگرت، چوونە دەرەوەو سەردانی سینەماو باخچەو پارکەکانی ئەم شارە لەگەڵ باوکمدا هەمووی یادگاری ئەوە بۆمن ماوەتەوە.

**خەڵك قەیرانی شانۆی دروست کردووە**

شانۆ هەر بووەو هەر دەشکرێت و هەر دەشبێت، هەموو ئیشێکی خراپ کۆمەڵێك ئیشی باش بەدوای خۆیدا دێنێت، بوون و نەبوونی شانۆ کەمتەرخەمی و ئامادەنەبوونی خەڵکە، خەڵك ئەو ئارەزووەی نەماوە بۆ شانۆ، ئەگەر شانۆییەکی جدیات بکەی لەسێ رۆژ تێپەڕ ناکات، لەپەیمانگا ئێمە ساڵی دوو شانۆمان کردووە، چونکە خەڵك پێیەوە پەرۆش بووە، جێگە نەبووەتەوە بۆ بینینی، بەبوونی خەڵك بەردەوام شانۆ زیندووە، هۆکارێکی تری قەیرانی شانۆی ئێستا ئەو عەشق و خۆشەویستیەی جاران لەپەیمانگاکاندا دەکرا لەبواری شانۆدا ئێستا ساردبووەتەوەو پەیمانگاکانی ئێستاو خوێندکارانی ئێستای شانۆکار ناتوانن بیکەن و بەزیندووی رایبگرن. کەناڵەکانی راگەیاندن هۆکارێکن بۆ زیندوو راگرتنی، دەبێت بەنەوەی ئێستای رابگەیەنێت شانۆ قوتابخانەیە، دەبێت هەوڵی نمایش نەکردنی هەندێ کار هەیە نەیکات، تا کارەکانی تریش ناشیرین نەکات و تابتوانێت شانۆ لە سروشتی جوانی خۆی بمێنێتەوە.

**ژنە مەلا بووم بەڵام نەیانهێشت!**

ئاریا یەکێك بوو لەدراما راگیراوەکان کە دوای ئەرك و ماندووبوونێکی زۆر نمایش نەکرا، هەرچەندە جیاواز تر لەدەورەکان رۆڵم تێدا بینوە کەدەورێکی زۆر سەرەکی بوو، ئەویش ژنە مەلا بووم، بەڕاستی یەکێك بوو لە ناخۆشترین ئەوکارانەی بەرامبەرمان کرا، لەگەڵ ئەوەی رێزێکمان لێنەگیرا بەبێ رێزێك بۆ ئەکتەرەکە دراماکە راگیرا، دەزگاکانی راگەیاندن خۆشیان هۆکاربوون بۆ راگرتنی ئەو درامایە، هەروەها رێزی خەڵك نەگیراوە کە ئامادەبوون تا کۆتایی دراماکە سەیر بکەن و دواتر بڕیاری لەسەر بدەن.

**کاری داهاتووم درامایەکی راگیراوە**

کاری داهاتووم بەشداریکردنم بوو لەدرامایەکدا بەناوی رۆژگارە تەریبەکان لەگەڵ دەرهێنەر کامەران رەئوف کە دووڕۆژیش کاری وێنەگرتنی بۆ کرا، بەڵام ئەوەش راگیراوەو هۆکاری راگرتنەکەشی نادیارە، بڕیارە جارێکی تر دەست بکرێتەوە بەوێنەگرتنی، بڕیارە لەدرامایەکی تردا بەشداربم لەگەڵ دەرهێنەرێکی فارسدا کە کۆمپانیایەکی بەریتانی کاری بۆدەکات، بەڵام تا ئێستا دەست نەکراوە بەو کارە وەك ئەکتەرێك دەست نیشانکراوم بۆ ئەو درامایە کە بەشداربم.

